# پەلامارەکان کێشەی نێوان ئێزدی و موسڵمان قووڵتر دەکاتەوە

**ڕۆژی گەل**







ڕۆژی ١٥-٢-٢٠٠٧ هەواڵەکان بڵاویان کردەوە کە کۆمەڵێک چەکداری هۆزێکی کوردی موسڵمان بەبیانۆی ڕەدووکەوتنی ژنێکیانەوە هەڵیان کوتاوەتە سەر ماڵی میری ئێزیدیان لە شاری شێخان و دوو ئۆتۆمۆبیلیان سووتاندووە. دواتر پەلاماری بنکەی لالەشی ڕۆشنبیری و شوێنە پیرۆزەکانی ئێزدیان داوە.

ئەوەی شیاوی باسە چەند ڕۆژ پێشتر ژنێکی موسڵمان لەگەڵ ماڵی خەزووری بەشەڕ دێ، بەوهۆیەوە لەماڵ دەردەچێ و لەسەر شەقام تاکسیەک ڕادەگرێ کە شۆفێرەکەی ئێزدی دەبێ، لەگەڵیدا سوار دەبێ و دەیەوێ بەرەو شوێنی مەبەست کە ماڵە باوانیەتی بڕوات،بەڵام لەوکاتەدا خزمی مێردەکەی دەگەنە جێ و لەپشتەوە دەستڕێژی لێدەکەن و دەیکوژن، بەوهۆیەوە دوو کەسی ئێزدی دەستگیر دەکرێن، پاش لێکۆڵینەوە دەردەکەوێ کە ئەوان هۆکاری ئەو کوشتنە نەبوونە و هیچ پێوەندیەکیش لەنێوان ژنە موسڵمانەکە و کوڕە ئێزدیەکەدا نەبووە بۆیە ڕۆژی ١٥-٢-٢٠٠٧ ئازاد دەکرێن، کەچی خزم وکەسی ژنەکە ئازادکردنی ئەو دوو ئێزدیە بە هەل دەزانن تا هێرش بکەنە سەر ماڵی میری ئێزدیان و پەلاماری شوێنە پیرۆزیەکانی ئایینی ئێزدی بدەن، لەو پێوەندیەدا هێزی چەکدار لە ئۆردوگاکانی دەوروبەردا بۆ ناو شاری شیخان دەهێنن.

ئەگەر دڵسۆزانە لەو ڕووداوەدا ورد ببینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە پیلانێکی ژەهراوی لە پشتەوە کاری کردووە، هەوڵی دووبەرەکی لەنێوان کوردی موسڵمان و کوردی ئێزدی داوە. تا ڕادەیەک لە دارشتنی پیلانەکەشدا سەرکەوتوو بووە، چونکە مەسەلەی موسڵمان بوون و ئێزدی بوونی کردۆتە پاساو بۆ نانەوەی دووبەرەکی، وەلێ مخابن کوردە موسڵمانەکان زۆر خۆشباوەڕانە ئەو پیلانەیان بەسەردا تێپەڕیوەو بەڕێوەیان بردووە، هەرگیز بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە ئەمە زیان بە یەکێتی ڕیزەکانی گەلی کوردستان دەگەیەنێ و دوژمن و ناحەزان تێیدا سوودمەند دەبن. ڕاستیەکەی ماوەیەکە هێزە عەرەبیە دەمارگیرەکان و دەوڵەتی تورکیا هەوڵی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوەخۆ لەنێوان هۆز و تیرەکانی گەلی کوردستان دەدەن و دەیانەوێ ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بۆ سەر هەرێمی کوردستان نەگێڕدرێنەوە.

حکومەتی هەرێم و هێزەکانی فرەڕەگەزی هەرزوو هەستیان بە دژواری پیلانەکە کرد و بە خێرایی گەمارۆیان داو نەیان هێشت لەوە زیاتر تەشەنە بکات. ئەوەی جێگەی خۆشحاڵیە کە میر تەحسین سەعید عەلی، پێشەوای ئێزدییەکان لە عێراق و جیهان و سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ڕوحی ئاینی ئێزدی زۆر وردبیانە و دڵسۆزانە و وڵاتپارێزانە ڕەفتاری لەگەڵ ڕووداوەکەدا کرد، ڕۆژی هەینی ١٦-٢-٢٠٠٧لە ڕاگەیاندراوێکی فەرمیدا داوای لە هەموولایەک کرد هێمن و ئارام بن و نەهێڵن ئاڵۆزیەکان گەورەتر بن و لە چوارچێوەی یاسادا کێشەکە چارە سەربکەن. میر تەحسین بەگ لە بانگەوازەکەیدا داوای هێمن و ئارامی و ڕێزگرتن لەقانوونی لە ئێزدیی و موسڵمانەکان کردووە، هەروەها داواشی لێکردوون هاوکاری بۆ جێبەجێکردنی قانوون دەسەڵات بکەن تا ڕاستی ئەو ڕووداوەی بەدیاربکەوێ، بۆ ئەوەی تاوانباران بەتووندی سزا بدرێن، بەمەش ڕێگە پیلانی دووبەرەکی نێوان ئێزدی و موسڵمانان پوچەڵ دەبێتەوە.

ئەم ڕووداوە زەنگێکی مەترسیدارە، دەبێ هەر لەئێستاوە حکومەتی هەرێم و دەستەڵاتداران هۆشیاری تەواو بە خەڵکی کوردستان بدەن، دەبێ لایەنە سیاسیەکان لە ڕوونکردنەوەیەکی بەپەلەدا ئەندام و لایەنگرانی خۆیان ئاگاداربکەنەوە، دەبێ پیاوانی ئایینی ئەرکی ئایینی خۆیان بەڕێوەببەن و ڕێگە لە خوێنڕشن بگرن و نەبنە هۆکاری سەرەکی شەڕی نێوان ئایین و ئایینزاکان. دەبێ ناوەندەکانی ڕۆشنبیری و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و میدیاکانی کوردستان زۆر لێبڕاوانە دەست بەکار بن و مەترسیەکانی پشتی ئەو پیلانانە ڕوون بکەنەوەو جەماوەر وریا بکەنەوە.

# ئەردۆگان بەرەو لۆژیک دەگەڕێتەوە

**ئاکۆ شوانی**



ماوەیەک بوو تەیب ڕەجەب ئەردۆگان، سەرۆکوەزیرانی دەوڵەتی تورک زۆر پشووتەنگ و هەناسەسوارانە هەڕەشەو گوڕەشەکانی خۆی بۆسەر گەلی کوردستان دەست پێکردبوو، لە هەموو بۆنەیەکدا ناهەقی بەرانبەر بە سەروەریەکانی کوردستان و کەرکوک دەکرد. دەیویست ترس و تۆقاندن پەرە پێبداتەوە. ڕاشکاوانە باسی ئۆپەراسیۆنی سەربازی ەکرد، هەوڵی بەڕێوەبردنی ڕاپرسی بۆ یەکلایی کردنەوەی پارێزگای کەرکوکی ڕەت دەکردەوە. خۆ گێف کردنەوەکانی ئەردۆگان ئەگەرچی شێوازی پاڕوپاگەندی هەڵبژاردنیان پێوەدیاربوو، بەڵام دیسانیشەوە جێگەی نیگەرانی خەڵکی کوردستان بوو.

ڕۆشنبیرانی پێشکەوتنخواز و سیاسەتمەدارانی شارەزای تورکیا زۆر بوێرانە ئاکامە مەترسیدارەکانی هەڕەشەکانی ئەردۆگانیان بۆ گەلی تورکیا شرۆڤەکرد و داوایان کرد کە چاو بە سیاسەتەکانی خۆیدا بخشێنێتەوە. ئەوان ڕاشکاوانە قامکیان خستە سەر ئەو زیانە زۆرانەی کە لەئاکامی هەڕەشە و مەرامەکانی ئەردۆگان بە گەلی تورکیا دەکەوێ. هەندێک لەوان هۆشیاریان پێداو داوایان لێکرد کە ژیرانە بیر بکاتەوە، لۆژیکیانە هاوکێشەکانی هەرێمی و جیهانی لێکبداتەوە، سیاسیانە لێدوان بدات و وەک سەرکردەیەکی وڵات ڕامانەکانی خۆی بە شێوەیەک دەرببڕێ کە لەبەرژەوەندی گشتیدا بێتەوە. هەروەها داوایان لە ڕای گشتی تورکیاش کرد کە گوشارەکانیان بۆسەر ئەردۆگان چڕ بکەنەوەو لە پڕۆسەیەکی لەو بابەتەدا هاوکاری و هاوهەنگی لەگەڵد نەکەن.

سەرەنجام ڕۆژی پێنجشەمە ١٥-٢-٢٠٠٧، ڕێک لە ساڵیادی ڕفاندنی ڕێزدار عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستاندا، ئەردۆگان لە کاتێکدا لە سەردانی تورکمانستان دەگەڕایەوە بەهۆش خۆی هاتبۆوە، ئەوچارەیان ژیرانە ڕایگەیاند کە "ئێمە ئامادەین بۆ هەنگاونانی عەمەلی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان".

هەندێک لە چاودێران پێیانوایە کەم مەیلی ئەمریکاو ئەوروپا وایکردووە کە ئەردۆگان چاو بە سیاسەتەکانی خۆی و پارتەکەی و حکومەتەکەیدا بخشێنێتەوە. ئەوەی شیاوی باسە چەند مانگێک بوو کە حکومەتی تورکیا لە ڕێگەی وەزیری دەرەوەو سەردانەکانی خودی ئەردۆگانەوە دەیانەویست هاوسۆزی دەوڵەتان بۆ دەستتێوەردان لە کاروباری هەرێمی کوردستان و عێراق بە بیانۆی لاگیری لە تورکمانەکان و هەستەوەری مەترسی پشێویەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر تورکیا وەدەست بێنن، بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبوون، دیبلۆماسی تورکیا تەنیا شکستی بۆ مایەوە، ئەمەش وایکرد کە حکومەتی ئەنکارا فریای خۆی بکەوێتەوەو چاوێک بە خۆیدا بخشێنێتەوە.

لێدوانەکەی ئەردۆگان زۆر بەگەرمیەوە لەلایەن سەرۆکی پارلەمانی کوردستانەوە پێشوازی لێکرا. لەو پێوەندیەدا ڕێزدار عەدنان موفتی ئامادەیی هەرێمی کوردستانی بۆ پشتیوانیکردنی هەر هەنگاوێک بۆ تەرجەمەکردنی ئەو لێدوانە بۆ کردەوە لەسەر بناغەی ڕێز لەیەکترگرتن و هاوسێیەتی باش ڕاگەیاند.

هەرچەندە کە لێدوانەکانی ئەردۆگان خاڵی وەرچەرخانی سیاسەتی دەوڵەتی تورک پێشان دەدات، بەڵام بەهۆی ئەو ئەزموونە زۆروزەوەندەی کە کوردستانیان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا هەیانە باوەڕی تەواوی پێناکرێ و ناتوانێ متمانەی تەواو بگێڕێتەوە، دەبێ حکومەتی ئەنکارا لە واری کرداریدا ئەوە بسەلمێنی کە مەبەستی پێوەندی دۆستانەو بازرگانی و سیاسیانەی لەگەڵ کوردستاندا هەیە. دەبێ دەوڵەتی تورک ڕاشکاوانە هەنگاوی کردەیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی باکووری کوردستان هەڵبگرێتەوە. دەبێ ئیدی هێزەکانی تورک واز لە پاوانخوازی و خۆ بەزلزانین ولووت بەرزی بهێنن. دەبێ ڕاستیە مێژوویەکان و دیفاکتۆکانی سەردەم پەسند بکەن. دەبێ پەرۆشانە بیر لە داهاتووی گەلی خۆیان بکەنەوەو واز لە شەڕو ئاژاوە بهێنن و ئیتر بە زمانی لۆژیکی هاودەم بەرانبەر بدوێنن و گوێ لە ڕای بەرانبەر بگرن.

# ڕاگەیاندراوی کۆتایی

## کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی

بۆ ئاگاداری ئەندامانی حزبمان و تێکڕای خەڵکی کوردستان ڕایدەگەیەنین کە مەکتەبی سیاسی حزبی ڕزگاریی کوردستان کاتژمێر ١٠ی ڕۆژی ١٢-٢-٢٠٠٧ بۆ چاوخشاندنەوە بە کارەکانی ڕابردووی خۆی و بەمەبەستی تاوتوێکردنی ڕەوشی هەنووکەیی کوردستان و عێراق و ناوچەکە لە بارەگای خۆی لە شاری سلێمانی کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی پێکهێنا و ئێواری ڕۆژی ١٣-٢-٢٠٠٧ کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بە ڕاوەستانی یەک خولەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و قوربانیەکانی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری و سەربەخۆیی دەستی پێکرد، دواتر ڕۆژەڤی کۆبوونەوە کە بریتی بوو لە شرۆڤەکردنی ڕەوشی هەنووکەیی و خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کاری مەکتەبەکان خرایەڕوو. دواتر هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزب لێکدانەوەیەکی سیاسی لە پێوەندی گۆڕانکاریەکانی چوار مانگی ڕابردووی کوردستان و عێراق و ناوچەکە پێشکەش کرد، پاشان بەرپرسانی مەکتەبەکانی ڕێکخستن و ڕاگەیاندن و پێوەندیەکان و دارایی ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش کردو لەلایەن ئەندامانی مەکتەبی سیاسیەوە بەوردی هەڵسەنگێنران.

لە دویماهیدا کۆبوونەوە بە پێویستی زانی کە بە ڕاگەیاندراوێک ڕامانەکانی خۆی بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بکات.

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی پێیوایە کە باشووری کوردستان و عێراق و ناوچەکە بە قۆناغێکی هەستیاری کەم وێنەدا تێپەڕ دەبن، ئەمەش نیگەرانی و هەراسانی بۆ گەلی کوردستان پێکهێناوە، نیگەرانیەکانی خەڵک لەوە سەرچاوەی گرتووە کە نیشتمانەکەیان زۆر بە توندیەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای جەماوەر بە عێراق گرێدراوەتەوە، عێراقیش لەنێو گێژاوێکی شەڕی نێوەخۆی بەرنامەداردا گوزەر دەکات. حکومەتی عێراق نەتوانای گێڕانەوەی ئارامی و هێمنایەتی هەیەو نە دەشتوانێ خشتەیەکی دیاریکراو بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەو توندوتیژیانەی کە ڕۆژانە گیانی سەدان مرۆڤی لاشەڕ دەچنێ، پێشبینی بکات.

کۆبوونەوە جەخت دەکاتەوە کە حکومەتی ئەمریکا پێبەندی پەیمان و بەڵێنەکانی خۆی سەبارەت بە گەلی کوردستان و عێراق نەبووە، جگە لەڕووخاندنی ڕژێمی بەعس هیچ دەستکەوتێکی دیکەی بەدیاری نەهێناوە، تەنانەت بۆ سەرخستنی بەرنامەکانی خۆی وا خەریکە بە خشکەیی پاشەکشە لە دیموکراتیزەکردنی عێراق دەکات و لە بەڵێنەکانی خۆی دوور دەکەوێتەوە، نایەوێ مادەی ١٤٠ لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ بکرێ، هەوڵی شێلگیرانە بۆ گۆڕینی ئەو دەستوورەی عێراق کە لەلایەن زۆرینەی گەلەوە دەنگی بۆ دراوە، دەدات. لەم پێوەندیەدا سیستەمی دیموکراسیی ئەمریکا چۆتە ژێر پرسیارەوە کە بۆچی ڕێگەنادات گەلی باشووری کوردستان بە ئازادانە بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات. بەوهۆیەوە دەخوازێ کە کاربەدەستانی حکومەتی ئەمریکا چاو بە سیاسەتی خۆیان بخشێننەوە، بڕیاری سەرەکی و چارەنووسساز بە گەل و نەتەوەکان بسپێرنەوە.

کۆبوونەوە زۆر بە توندی هەڕەشە و لێدوانەکانی کاربەدەستانی تورک ڕیسوا دەکات و دەخوازێ کە تورکیا چیتر دەستتێوەردان لە کاروباری نێوەخۆی باشووری کوردستاندا نەکات، ئەگەر ئەنکارا لەسەر کەللەڕەقی و هەڕەشەکانی خۆی بەردەوام بێ و لەشکرکێشی بۆ باشووری کوردستان بکات و بیەوێ ناوچەکە دووچاری شەڕێکی دیکە بکاتەوە،ڕووبەڕووی بەرخۆدانی گەلی کوردستان دەبێتەوە، خوێنێکی زۆر دەڕژێ و زیانێکی گەورەی پێدەگات و ئابووریەکەشی دادەچۆڕێ.

کۆبوونەوە پێشنیار دەکات کە بۆ دەربازبوون لە تەنگژەو قەیرانەکانی نێوەخۆی ئەو وڵاتە باشتروایە کە حکومەتی تورکیا ڕێگەی دانوستاندنی ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی باکووری کوردستان هەڵبگرێتەوە، لە دەستپێکدا تەواوی زیندانە سیاسیەکان، لەسەرووی هەمووشیانەوە ڕێزدار عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان ئازاد بکات.

کۆبوونەوە دووپات دەکاتەوە کە یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە خواستێکی دێرینی گەلی کوردستان بوو، بەڵام وێڕای پێکهێنانی کابینەی پێنجەم هێشتا وەڵامی داخوازیەکانی خەڵک نەدراوەتەوە و هاوێرکاریەکان کۆتاییان پێ نەهاتووە، پڕۆژە خزمەتگوزاریەکان وەکو پێویست ئەنجام نەدراون، بەرنامەی کردەیی بۆ کەمکردنەوەو ڕیشەکێشکردنی گەندەڵی هەڵنەگیراوەتەوە. حکومەتی هەرێم لەبەرانبەر قەیرانەکانی نەبوونی کارەباو سووتەمەنی و کێشەی نیشتەجێبوون و لاوان کەمتەرخەم و بێ بەرنامەیە،بەوهۆیەوە جەماوەری کوردستان نیگەران و هەراسانە، ئەگەر لە ماوەیەکی کورتدا چارەسەر نەکرێن لەوانەیە ڕێڕەوی نارەزایەتی خەڵک بەرەو ئاقارێکی نەخواستراو ڕێگە بگرێ و زیانی گەورەتری لێبکەوێتەوە. لەم پێوەندیەدا کۆبوونەوە ڕەخنە لە حکومەتی هەرێم دەگرێ و دەخوازێ کە ئیتر گوێ لە داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان بگرێ و چیتر گۆشەگیرانە درێژە بە کارەکانی خۆی نەدات.

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بۆ ڕاستەڕێکردنی ژیانی سیاسی لە کوردستان و سەرخستنی کێبەرکێی خزمەتگوزاری نێوان لایەنە سیاسیەکان دامەزراندن و هەنگاوەکانی بەرەی گۆڕان بە گرنگ و پێویست دەزانێ، دەخوازێ کە بەرەی گۆڕان چالاکانەتر درێژە بە کارەکانی خۆی بدات و ڕاشکاوانەتر ڕێبەرایەتی خواست و داخوازیەکانی جەماوەری گەلی کوردستان بکات.

کۆبوونەوە ئەندامانی حزبی ڕزگاریی کوردستان ڕادەسپێرێ تا لێبڕاوانەتر درێژە بە تێکۆشانی خۆیان بدەن، شێلگیرانەتر هەست بە بەرپرسیارێتی مێژوویی بکەن و ئەرکەکانی سەرشانیان ئەنجام بدەن.

**مەکتەبی سیاسی**

**حزبی ڕزگاریی کوردستان**

**١٤-٢-٢٠٠٧**